IslamHouse.com

# تەنها یەک پەیام

< كوردي - كردي - kurdish >

دکتۆر ناجی کوڕی ئیبراهیم العرفج

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

IslamHouse.com

# رسالة واحدة فقط

ناجي بن إبراهيم العرفج

ترجمة : فريق القسم الكردى بموقع إسلام هاوس
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# تەنها یەک پەیام

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

## ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە :-

سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەدوای هەقیقەت و ڕاسگۆی و دڵسۆزیدا وێڵن .

بە هەموو خاوەن بیرو هۆشێکی هەست زیندوو .

## چەند پرسیارێک پێش خوێندنەوە :

1-مەبەست چیە لەم تاکە پەیامە ؟

2-ئایا کتێبی پیرۆز لەبارەی ئەم پەیامەوە چی ووتووە ؟

3-ئایا قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە چی ووتووە ؟

4-دوای هەموو ئەمانە ڕای تۆ چیە ؟

## ناوەڕۆکی بابەتەکە :

دوای ئەوەی کە خوای گەورە ئادەمی دروستکرد، تاکە پەیامێکی ڕەسەن بەدرێژایی مێژوو کە ئاڕاستەی هەموو مرۆڤایەتی کراوە، ئەوەیە کە خوای گەورە یەك خوایە و دەبێت هەر ئەویش بپەرسترێت، لەم پێناوەشدا پەروەردگار سەرجەم پێغەمبەرانی وەك ئادەم و نوح و ئیبراهیم و موسى و عیسى و موحەمەدی ڕەوانە کردووە، بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ ڕێگای ڕاست و دروستی

یەکخواپەرستی، ئەو خـوایەی کە خالق و مەعبودە و شایانی ئەوەیە کە بەتەنها هەر ئەو بپەرسترێت ..

خوای گەورە نوح پێغەمبەری ڕەوانە کرد (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ ئەوەی بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ ووشەیەك کە بریتی بوو لەوەی خوای گەورە تاکە خوایەکە و هەر ئەویش بپەرستن، بە هەمان شێوەیە پەیامی پێغەمبەران ئیبراهیم و موسی و عیسی و کۆتا پێغەمبەر موحەمەد ( سەلامی خوا لە هەموویان بێت) هەر ئەو پەیامە بووە، خوای گەورە تاکە خوایەکە و هەر ئەویش بە تەنهای بپەرستن ..

| ئەمی نارد | بۆ | گەیاندنی ئەم پەیامە |
|---|---|---|
| نوح | بۆ | خوا یەك خوایە بەتەنهایی بیپەرستن |
| ئیبراهیم | بۆ | خوا یەك خوایە بەتەنهایی بیپەرستن |
| موسی | بۆ | خوا یەك خوایە بەتەنهایی بیپەرستن |
| عیسی | بۆ | خوا یەك خوایە بەتەنهایی بیپەرستن |
| موحەمەد | بۆ | خوا یەك خوایە بەتەنهایی بیپەرستن |

خوای گەورە پێغەمبەرە ( أولوا العزم )ـەکان وغەیری ئەوانیشی ڕەوانە کردووە، ئەوانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتووە و دەیانناسین، ئەوانەشی کە ناویان نەهاتووە و نایانناسین، ڕەوانەی کردوون بۆ جێ بەجێ کردنی چەند کارێکی گرنگ، ئەویش بریتین لە : -

**یەکەم :** وەرگرتنی وەحی خوایی وگەیاندنی بە گەل و شوێنکەوتوانی .

**دووەم :** شوێنکەوتوانیان فێری یەکخواپەرستی وئیخلاص بکەن لە پەرستنی پەروەردگاردا .

**سێهەم :** سەرمەشقێکی باش بن بۆ خەڵکی لە گوفتار و کرداردا، بۆ ئەوەی خەڵکی چاویان لێ بکەن بۆ بەرەو خواچوون وپەرستنی بە یەکتایی .

**چوارەم :** خەڵکی وشوێنکەوتوانیان ئاڕاستە دەکەن بۆ تەقوا و خواناسین وجێ بەجێکردنی فەرمانەکانی وشوینکەوتنی .

**پێنجەم :** خەڵکی وشوینکەوتوانیان فێری ئەحکامەکانی دین ورەووشت بەرزی بکەن .

**شەشەم :** ڕێنمونی کردنی خەڵکی سەرکەش وبتپەرست بۆ واز هێنان لەوەی لەسەرینی و بانگەواز کردنیان بۆ یەکخواپەرستی .

**حەوتەم :** بەخەڵکی ڕابگەیەنن کە ئەوان پاش مردن خوای گەورە زیندویان دەکاتەوە، وە لەڕۆژی دواییشدا لەسەر کارو کردەوەکانیان خوای گەورە لێیان دەپرسیتەوە، ئەو کەسەی کە باوەڕی بەخوا هێنا بێت وبەتەنها ئەویشی پەرستی بێت و کاروکردەوەی باشی کرد بێت، پاداشتەکەی بەهەشتی نەبڕاوەیە، ئەوەشی بە پێچەوانەوە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار دابێت و سەرپێچی فەرمانەکانی کردبێت، جێگا و مەئوای ئاگری دۆزەخە .

ئەو پێغەمبەر وفورستادانە خوای گەورە و تاك و تەنها دروستی کردوون، گەردون و ئەوشی لە گەردوندا هەیە هەر هەمووی بە زمانی حاڵ دان دەنێت بە یەکخوای ذاتی هەق تەعالای (اللە) کە هەر ئەو خالقە و شاهیدی تاکو تەنهای ئەوەشی بۆ دەدەن، (اللە) خالق ودروستکاری ئەم گەردونە و ئەوشی تێیدایە لە گیانلەبەران مرۆڤ و غەیری ئەوانیش، هەر ئەویش مردن و ژیانی دروستکردووە، ژیانی فانی و دواڕۆژی هەتا هەتایی ..

کتێبە پیرۆزەکانی جولەکە و گاور موسڵمانانیش شاهیدی بوونی خوا و تاك و تەنهایی دەدەن .

ئەو کەسەی کە بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێت، ئەگەر بێتو بابەتی خوا و پەرستراوی بە بابەتیانە وئیخلاصەوە لە ئینجیل و قورئانی پیرۆز دیراسە بکات دەتوانێت ئەو صیفاتە ناوازانە جیا بکاتەوە کە تایبەتن بەخوای گەورەوە، بەشێوەیەك کە هیچ کەس وهیچ خوایەکی درۆزن بەشداری ئەو زاتە پیرۆزە ناکەن لەو صیفاتانەدا، ئەمەش هەندێك لەو صیفاتانەیە کە ئاماژەیان پێدەکەین :

1- خوای هەق و ڕاست ئەو خوایەیە کە خالق ودروستکارە، نەك دروستکراو و مەخلوق .

2- خوای هەق وڕاست ئەو خوایەیە کە تاك و تەنها و بێ شەریك و هاوەڵە، نەك چەند خوا وباوك و کوڕ .

3- خوا (اللە) پاك وبێگەردە لە هەموو ئەو بیرکردنەوە ناڕاستانەی کە مرۆڤەکان بیری لێدەکەنەوە بەرامبەر بەخوا، ئەو خوایەی کە چاوی مەخولقەکان دەرکی پێناکەن .

4- (اللە) ئەو خوایەیە کە هەمیشە بووە و هەر دەشبێت، وە جیاوازە لە دروستکراوەکانی ، وبەهیچ شێوەیەکیش لە یەکێك لەدروستکراوەکانی خۆیدا نەتواوەتەوە وتەجیسد نەکراوە .

5- خوا خوایەکی بێنازە لە هەموو دروستکراوەکانی و بەهیچ شێوەیەك پێویستی بەوان نیە، وە خۆی بۆخۆی قائمە، نە باوکی هەیە و نە دایك، نە هاوسەری هەیە و نە منداڵ، وە پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و هیچ یارمەتی و هاریکاری هیچ کەس نیە، بەڵکو ئەوە دروستکراوەکانن پێویستیان بە خوای گەورە هەیە .

6- تەنها (اللە) خاوەنی ئەو صیفاتە بەرز وپیرۆز وجوان و تەواوانەیە کە بریاری داوە بۆ خۆی و هیچ کەسیش شایانی ئەو صیفاتانە نیە لە مەخلوقەکانی، بەشێوەیەك وێنە و هاوشێوەی نیە .

دەتوانین لەڕێگای ئەو صیفاتە بەرز وپیرۆز و تەواوانەی پەروەردگاریشەوە بگەینە بەتاڵ کردنەوە و تیکشاندنی تەواوی خوا درۆینەکانەوە، ئەو خوا درۆزن وبەتاڵانەی کە مرۆڤەکانی کردونیان بە خوای خۆیان، لەکاتێکدا ئەوانە هیچ نین جگە لە دروستکراوێکی خوای بەرز وبڵند ..

ئێستاش فورسەتمان بدەن، بگەڕێینەوە بۆ بابەتی ئەو پەیامەی کە پێشتر باسمانکرد، وە چەند دەقێك لە ئینجیل و قورئانی پیرۆز وەربگرین کە باس لە یەکخوایی پەروەردگارمان بۆ دەکەن.

**هەندێک لە گاورەکان بەسەر سوڕمانەوە دەپرسن : ئاشکرایە کە خوای گەورە یەک خوایە، وە ئێمە باوەڕمان بەیەک خوا هەیە، ئایا قەضیە چیە ؟**

بەڕاستی من لە كاتی خوێندنەوەو لێكۆڵێنەوەی چڕوپڕم لەسەر نەصرانیەت وگفتوگۆی زۆرم لەگەڵ نەصرانیەكان، بۆم ڕوون بویەوە كە خوای گەورە ( اللە ) لای ئەوان وەك هەندێك كەسیان تەصەوری دەكەن بریتین لەمانەی خوارەوە :

یەكەم : خوای باوك .

دووەم : خوای كوڕ .

سێهەم : خوای ڕۆحی پیرۆز .

بۆیە وەك شتێكی سادە وساكار وبەدیهی ولۆژیكێكی ساغ ودروست، كەسی لێكۆڵەوەر پەلكێش دەكەن بۆ چەند پرسیارێك كە ئاڕاستەی نەصرانیەكان بكرێت :

مەبەست چیە لە ووتنی ( اللە واحد ) خوا یەك خوایە، لە كاتێكدا ئێوە ئاماژە بۆ سێ خوا و پەرستراو دەكەن .

ئایا خوا یەك خوایە بەڵام لەناو سێ خوادا تواوەتەوە، یان سی خودان ولەناو یەك خوادا تواونەتەوە ( 1 لەناو 3، یان 3 لەناو 1 ) دا ؟

سەرەڕای ئەمەش، و بەپێی هەندێك بیروباوەڕی نەصرانیەكان، هەر یەك لەم سێ خوا وپەرستراوە كارو و وەزیفە ووێنە وكەینونەی خۆیان هەیە، وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەكەین :

1-اللە و خوای باوك خالق ودروستكارە .

2-اللە و خوای كوڕ ڕزگاركار وفریادڕەسە .

3-اللە و خوای ڕۆحی پیرۆز ڕاوێژكار و پشتگیركارە .

ئەوەی واگومان دەبات کەوا مەسیح کوڕی خوایە، یان خوا وپەرستراو وبەشێك بێت لەخوا، تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە دەقەکانی تەورات وئینجیل دەیگەیەنن، چونکە دەقی ئەو کتێبانە دەڵێن : خوای گەورە ( اللە ) هیچ کەسیك لە دونیادا نایبینێت، ئەمەش هەندیك لەو دەقانەیە :

" إنكم لم تسمعوا صوته قط ولم تروا وجهه " (انجيل يوحنا 37:5) .

واتا : ئێوە گوێتان لە دەنگی ئەو نەبووە، وە هەرگیز ڕوخساریتان نەبینیوە .

" لم يره أحد قط ولا يستطيع أحد رؤيته " (الرسالة الأولى إلى تيموثاوس 16:6)

واتا : هیچ کەسێك هەرگیز نەیبینیوە، وە هیچ کەسێکیش ناتوانێت بیبینێت .

" لا أحد يراني ويبقى حيا " (الخروج 20:33).

واتا : هیچ کەسێك نامبینێت و بەزیندوویش بمێنێتەوە .

لەسەر ئەساسی ئەم دەقانە وغەیری ئەمانەیش، زۆر بە سەر سوڕمان وڕاستگۆی وئەمانەتەوە دەپرسم: چۆن دەتوانرێت تەوفیق بکرێت لەنێوان ووتەی ئەو کەسانەی کە عیسی بەخوا دەزانن، لەگەڵ ئەو دەقانەی ئینجیل کە پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی هیچ کەسێك نیە خوا ببینێت، وە یان گوێی لە دەنگی خوا بێت ..

ئایا جولەکەکان لەکاتی خۆیدا خێزان وشوێنکەوتوانی عیسایان نەبینی، ئایا عیسای مەسیحیان نەدی و گوێیان لەدەنگی نەبوو ( ئەو خوا کوڕەی کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی ) .

ئایا چۆن تەورات و ئینجیل بڕیاری ئەوە دەدەن کە خوا ( اللە ) نابینرێت و کەسیش گوێی لە دەنگی نابێت، کەچی پاشان کەسێك دێت وباوەڕی وایە ئەو ( عیسی ) یەی کە بینویانە و گوێیان لەدەنگی بووە خوایە یان کوڕی خوایە ؟ ئایا لێرەدا نهێنیەك هەیە کە پەیوەست بێت بە هەقیقەتی خواوە ؟

بەڵام بێگومان تەورات تەئکید لە پێچەوانەی ئەمە دەکاتەوە، ئەوەتا لە تەوراتدا لە خوای گەورەوە نقڵی کردووە کە دەڵێت : " إنني أنا الرب وليس هناك من إلٰه آخر. وإنني لم أتكلم بالسر ولم أجعل هدفي مستترا .. إنني أنا الله وإني أنطق بالحق، وإنني أعلن ما هو صدق " (إشعياء 19:45) .

واتا : بێگومان من پەروەردگارم، جگە لە منیش هیچ پەروەردگار و پەرستراوێکی تر نیە، بێگومان من بە نهێنی لەگەڵ هیچ کەسێك قسەم نەکردووە، وە ئامانجی خۆمم پەنهان نەکردووە، بێگومان من ( الله ) و پەرستراوم، وە منیش بە هەق وڕاستی دەبێژم، وە بێگومان ئەوەی ڕاست بێت ئەوە ڕادەگەیەنم ...

**ئایا ئیتر هەقیقەت کامەیە ؟**

**بفەرموو ئەو دەقانەی پێشوو چەند جارێکیی تر بخوێنەرەوە و وپاشان چاك لێی وورد ببەرەوە و بیریان لێ بکەرەوە .**

پێکەوە دەست دەکەین بە گەشتێك بۆ لێکۆڵینەوە لە پێناو ناسین وهەقیقەتی خوای گەورە ( الله جل جلاله ) لە ئینجیل وقورئانی پیرۆز، بە ئومێدی ئەوەی بە ڕاو سەرنجەکانتان بابەتەکەمان دەوڵەمەندتر بکەن، پاش خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێرامان لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و دەقەکانی ئینجیل، و خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە، بەخوێندنەوەیەکی ڕەخنە گرانەی بابەتیانەی مونصیفانە ..

لە پێناو ڕەچاو کردنی بابەتیانەی ئەم بابەتە من تەنها بەڵگەکان دەخەمە ڕوو بێ ئەوەی هیچ تەعلیقێکیان لەسەر بدەم، بە ئومێدی ئەوەی زۆر بەووردی وبابەتیانەوە بیری لێ بکەنەوە، بەشێوەیەك هیچ بۆچون و تەصەورێکی تری پێش وەختە کاریگەری لەسەرتان نەبێت ...

**خوای گەورە ( الله ) خوایەکی تاک و تەنهای هەقە لە ئینجیل کە پێی دەڵێن کتێبی پیرۆز ( لە سەردەمە کۆنەکەیدا – العهد القديم - ) .**

❖ اسمع يا إسرائيل: الرب إلهنا رب واحد ( التثنية 4:6 )

واتا : ئەی إسرائيل کە مەبەست پێی یەعقوبە : پەروەردگار خوا و پەرستراوی ئێمەیە، کە پەروەردگارێکی تاك و تەنهایە ..

❖ ألم يخلق الله الواحد لنا روح الحياة ويرزقنا؟ ( ملاخي 15:2 )

واتا :ئایا خوای گەورەی تاك و تەنها گیانی ژیانی دروست نەکردووە، وە هەر ئەویش نیە کە ڕزق وڕۆزیمان نادات ..

❖ لتعلموا وتؤمنوا بي، وتدركوا أني أنا هو الله، لم يوجد إلٰه قبلي ولن يكون إلٰه بعدي. أنا هو الرب، و لا مخلص غيري ( إشعياء 43 :10-11)

واتا : با بزانن وباوەڕم پێ بهێنن، وە ئیدراك بکەن کە بێگومان من خوا وپەرستراوم، وە هیچ پەرستراوێك پێش من نەبووە، وە دوای منیش نابێت، هەر من پەروەردگارم، وە هیچ ڕزگار کەرێك نیە جگە لە من .

❖ أنا هو الأول والآخر ولا إلٰه غيري . من مثلي؟ ( إشعياء 6:44 )

واتا: هەر من خوای یەکەمینم و لەسەرەتاوە هەر هەبووم و کەس پێش من نەبووە، وە دواهەمینم و کۆتام، کەس دوای من نامێنێت، (بەڵام من هەر دەمێنم)، وە هیچ پەرستراو وهاوشێوەیەکی من بوونی نیە ..

❖ ألست أنا الرب ولا إلٰه غيري ؟ بار و مخلص ، وليس هناك آخر ( إشعياء 45 : 21 )

واتا : ئایا من پەروەردگار نیم ؟ هیچ پەرستراوێك جگە لە من نیە، چاکە کار وڕزگارکەرم، لێرە هیچ کەسێکی تر ( خوایەکی تر ) بوونی نیە ..

ئایا هیچ دەقێکی تری هاوشێوەی ئەم دەقانەت لە یادە ؟

**خوای گەورە ( الله ) خوایەکی تاک و تەنهای هەقە لە ئینجیل کە پێی دەڵێن کتێبی پیرۆز ( لە سەردەمە نوێیەکەیدا – العهد الجديد - ) .**

❖ و الحياة الأبدية هي أن يعرفوك أنت الإله الحق وحدك وأن يسوع المسيح الذي أرسلته (انجيل يوحنا 3:17)

واتا : ژیانی هەمیشەیی ئەو ژیانەیە کە بتناسن کە تۆ بە تاك و تەنها خوا وپەرستراوی هەقیت، وە یەسوعی مەسیحیشت ڕەوانە کردووە وبە پێغەمبەرت گێڕاوە ..

❖ اعبدوا الله إلهكم وقدموا الخدمة له فقط (انجيل متى 10:4)

واتا : ( الله ) بپەرستن کە پەرستراوتانە، وە هەموو خزمەت وقوربانیەك بە تەنها بۆ ئەو پێشکەش بکەن ..

❖ اسمع يا إسرائيل : الرب إلهنا رب واحد... فإن الله واحدٌ وليس آخر سواه (انجيل مرقس 28:12 - 33)

واتا : ئەی إسرائیل کە مەبەست پێی یەعقوبە : پەروەردگار خوا و پەرستراوی ئێمەیە، کە پەروەردگارێکی تاك و تەنهایە، بێگومان ( الله ) تاك و تەنهایە، وەهیچ کەس و خوایەکی تر جگە لەو بوونی نیە ..

❖ فإن الله واحد والوسيط بين الله والناس واحد ، وهو الإنسان المسيح يسوع (الرسالة الأولى إلى تيموثاوس 5:2)

واتا : بێگومان ( الله ) خوایەکی تاك وتەنهایە، وە ناوەندگیر لەنێوان خوا و خەڵکیدا یەك کەسە، ئەویش مرۆڤە کە یەسوعی مەسیحە ..

❖ جاء أحدهم إليه وقال له: "سيدي الصالح، ما هو الشيء الصالح الذي أعمله كي أحصل على حياة أبديه؟" فأجابه ( عيسى ): (( لماذا تدعوني صالحاً ؟ ليس هناك من صالح إلا واحد، إنه الله )) ( انجيل متى 19: 16-17 كما في نسخة الملك جيمس )

واتا : یەکێك لەوان هات بۆ لای ئەو، وە پێی ووت : گەورەم صاڵح، ئەو شتە چاکە چیە کە ئەگەر ئەنجامی بدەم ژیانی هەمیشەیی بەدەست دەهێنم ؟ عیساش وەڵامی دایەوە و ووتی : بۆچی بە صاڵح بانگم دەکەن ؟ لێرە هیچ چاکەیەك نیە جگە لە تاکە کەسێك، ئەویش خوای گەورە ( الله ) یە ..

ئایا دەتوانیت چەند دەقێکی تر باس بکەیت تەئکید لەوە بکاتەوە کە ( الله ) خوایەکی تاك و تەنهایە، وە سێ خوا نیە .

**خوای گەورە خوایەکی تاك وتەنهایە لە قورئانی پیرۆزدا .**

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : - ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ [ سورة الاخلاص : 1 -4 ] .

واتا : (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئیماندار) بڵێ: ئەو خوای کە ناوی _ الله_ خوایەکی تاك و تەنهایە (بێ هاوەڵ و هاوتایە) * خوا زاتێکی پایەدار و دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییەو هەموویان ئاتاجی ئەون، هەر ئەو دەتوانێ بەڵاو و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازیەکانمان جێ بە جێ بکات * هیچ کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە * هەرگیز هاوتاو هاوشێوە و دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لەبەرامبەریەوە بەوەستێت و هاوشانی بێت .

❖ ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ [سورة الأنبياء : 25].

واتا : بێگومان هیچ خوایەک نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.

❖ ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [سورة المائدة : 73] .

واتا : سوێند بێت بەخوا بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕ بوون کە وتیان: خوا یەکێکە لە سێ دانە خوا (لە حاڵەتێکدا): هیچ خوایەک، هیچ پەروەردگارێک نیە جگە لە خوایەکی تاکو تەنها، خۆ ئەگەر لەو گوفتارە نابەجێ و ناقۆڵایەیان کۆڵ نەدەن، سوێند بەخوا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون سزایەکی بەئێشیان تووش دەبێت.

❖ ﴿ إِنَّ إِلَهَكُمْ لَوَاحِدٌ ﴾ [سورة الصافات : 4].

واتا : بەڕاستی خوای ئێوە تاك و یەکێکە.

﴿ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ [سورة النمل: 64] .

واتا : ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

لەڕاستیدا ئەم پەیامە، پەیامی (یەکتاپەرستی خوای گەورە ) بابەتی سەرەکی قورئانی پیرۆزە، کە لە زۆرێك ئایەتەکانی تردا جەختی لەسەر کراوەتەوە، چونکە هەموو کار وکردەوەکانی تر لەسەر بنچینەی بەهێزی یەکخواپەرستی بنیات دەنرێت ..

**لە ڕاستیدا ئەم پەیامە پەیامی ( یەکخوا پەرستی ) بابەتی سەرەکیە لە قورئانی پیرۆزدا**

## کۆتایی

ئەم دەقانە وغەیری ئەم دەقانەش، سەدان بەڵگەیی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) و قورئانی پیرۆزیش کە هیچ مەجالێك بۆ گومان ناهێڵینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خوای گەورە تاك و تەنهایە و هیچ پەرستراوێکی تر لەغەیری ئەو بوونی نیە، ئەوەتانێ لە کتێبی پیرۆز (ئینجیل) دا هاتووە : "

اسمع يا إسرائيل: الرب إلهنا رب واحد... فإن الله واحدٌ وليس آخر سواه" [ انجيل مرقس 12:8 – 33 ].

واتا : گوێ بگرە ئەی ئیسرائیل : پەروەردگارمان کە پەرستراومانە پەروەردگارێکی تاکانەیە، خوای گەورە یەك خوایە، وە جگە لەویش هیچ خوایەکی تر نیە، قورئانی پیرۆزیش ئەم بابەتەی بەم شێوەیە باسکردووە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ [سورەتی الاخلاص : 1 ] واتا : ئەی موحەمەد تۆ بڵێ : خوای گەورە یەکە .

کتێبی پیرۆز (ئینجیل) تەنها جەخت لەوە ناکاتەوە کە خوای گەورە یەك خوا بێت، بەڵکو دیسان جەخت لەوەیش دەکاتەوە خوا خوایەکی دروستکەر وفوریاد ڕەس وتاکانەیە، وەك هاتووە : " لتعلموا

وتؤمنوا بي، وتدركوا أني أنا هو الله، لم يوجد إله قبلي ولن يكون إله بعدي. أنا هو الرب، و لا مخلص غيري" [ إشعياء 43 :10-11 ] .

واتا: بۆ ئەوەی بزانن و باوەڕم پێ بهێنن، و دەرك بەوە بكەن كە بێگومان من هەر من خوا و پەرستراوم، پێش من هیچ پەرستراوێك نەبووە، وە هیچ پەرستراوێكیش لە دوای منەوە نیە، من پەروەردگارم، وە هیچ ڕزگاركەر و فرسیادرەسێك نیە .

بەمەش ڕوون دەبێتەوە كە بانگەشەی خوایەتی عیسی و ڕۆحی پیرۆز و شتی تریش هیچ سەنەد و بنەما و بەڵگەیەكی نیە، ئەوان هیچ نین جگە لە دروستكراوێك لە دروستكراوەكانی خوا، وە هیچ فەرمانێكی خوایەتیان بەدەست نیە، ئەوان خوا و پەرستراو نین، وە بەشێك ونمونەیەك نین لەخوا، چونكە ئەو هاوشێوەی نیە، وەك ئەوەی لە كتێبی پیرۆز (ئینجیل) و قورئانی پیرۆزدا باسكراوە .

خوای گەورە بەهۆی گومڕایی و سەرلێشیواوی وپەرستنیان بۆ غەیری خوا لە جولەكەكان تورە بوو، وەك كتێبی پیرۆز (ئینجیل) داهاتووە : " احتدم غضب الرب عليهم " [ العدد 3:25 ].

واتا : تووڕەیی خوای گەورە ڕژا بەسەریاندا، هەر بۆیە موسی ( سەلامی خوای لێ بێت ) گوێرەكە ئاڵتونیەكەی بەنو ئیسرائیلی تێكشكاند ..

لە لایەكی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە كۆمەڵێك لە یەكخواپەرستانی گاورەكان دووچاری سزا ولێدان وستەم بوونەوە، چونكە باوەڕیان بە یەكخوای پەروەردگار هەبوو، وە ڕازی نەبوون كە ڕێنوماییە پاك وبێگەردەكانی عیسی كە بریتی بوون لە ( یەكخواپەرستی ) بگۆڕن، وبە هەموو شێوەیەك داهێنراوی ( سێ خوایەتی ) یان ڕەد كردەوە، كە ئەو بیدعەو داهێنراوەی كە لەسەر دەستی (پۆڵس) و شوێنكەوتوەكانیەوە خزێنرابوونە ناو ئاینی نەصرانیەت .

**پوختەی ووتار و گوفتاری ئەم پەیامەمان ئەوەیە** : خوای گەورە ئادەم و نوح وئیبراهیم و موسی و عیسی وموحەمەد و سەرجەم پێغەمبەران ونێرراوانی خۆی (صەلات و سەلامیان لەسەر بێت) بۆ ئەوە ڕەوانە كردووە كە بانگەوازی خەڵكی بكەن بۆ باوەڕ هێنان بەخوا وپەرستنی بە تاك و تەنهایی بەشێوەیەك هیچ شەریك وهاوەڵێكی بۆ بڕیار نەدەن، ئەمەش تاكە پەیامی ئەوان بووە بۆ گەل و نەتەوەكانیان ..

## پەرستراوی هەق وڕاستی تاكە پەرستراوێكە بۆیە بەتاك و تەنها هەر ئەو بپەرستە

مادام پەیامی پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە یەك پەیام و یەك ناوەڕۆكیان هەیە، ئایا ئاینی ئەو پێغەمبەر و نێرروانە كامەیە ؟

ناوەڕۆك وجەوهەری پەیامەكەیان بریتیە لە تەسلیم بوون بە خوای گەورە وپەروەردگار، تەسلیم بوون بەتەواوی فەرمانەكانی پەروەردگار، بەو شێوەیەی لەناخ ودڵەوە بە هەموو شێوەیەك ڕازی بێت كە (اللە) پەروەردگارت بێت، وئاینی پیرۆزی ئیسلامیش ئاین وشەریعەت و بەرنامەی ژیانت بێت، ووە موحەمەدیش ( صلی اللە علیە وسلم ) پێغەمبەر و پێشەوات بێت .

تەسلیم بوون : ئەو ووشەیەی كە تەعبیر لە مانا و مەبەستی ووشەی (ئیسلام) دەكات، هەر ئەم مانایەش مەفهوم وچەمكی ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا ..

قورئانی پیرۆزیش لەم بارەیەوە تەئكیدی كردوەتەوە كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی هەق وڕاستی وسەرجەم پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە ومیهرەبانە، وە دەكرێت بەدواداچون بۆ ڕاستی ئەم مەسئەلەیەش لە كتێبی پیرۆز بكرێت لە عەهدی جەدید و عەهدی قەدیمیشدا، بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتەیش بەیارمەتی خوای گەورە لە پەرتووكی داهاتووماندا بە تێر وتەسەلی باس لەم مەسئەلەیە دەكەین .

لەكۆتاییشەوە ، پێویستە ئەوە بڵێین كە لە پێناو سەرفرازی ورزگاربوونی هەمیشەیی دەبێت ئەم پەیامە پیرۆزە وەربگرین و باوەڕی پێ بهێنین و زۆریش موخلیص و دڵسۆز بین بۆی، بەڵام تەنها ئەم كارە بەس نیە، بەڵكو پێویستە لەسەرمان باوەڕیش بە تەواوی پێغەمبەران ونێرراوانی خوای گەورە بهێنین (لەنێویشیاندا باوەڕ بە كۆتا پێغەمبەر موحەمەدی كوڕی عەبدوڵا سەلام وصەلاتی خوای لێ بێت ) وە شوێن نیگا ورێنومایی وكاروكردەوەكانیان بكەوین، كە هەر ئەوەیش ڕێگا ورێباز باوەڕدارانە بەرەوە ژیانێكی هەمیشەیی وپر لە بەختەوەری .

ئەی ئەو کەسەی دڵسۆزیت خۆش دەوێیت و بە دڵسۆزیش بەشێون ڕاستی وهەقیقەتدا عەودالیت، ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بیرێك لەخۆت بکەیتەوە پێش ئەوەی مردن یەخەت پێ بگرێت و هەموو هەل و فورسەتێکیت لەدەست بدات، کاتی ئەوە هاتووە بزانیت مەبەست لە دروست بوونت چیە لەم ژیانەدا، لە کوێوە هاتوویت و بۆچی مەبەستێك هاتوویت و بۆ کوێش هەنگاو هەڵدەگریت، چونکە لەگەڵ تێپەڕ بوونی هەموو چرکەیەك، مرۆڤ چریەك لەو کاتە نزیك دەبێتەوە کە خوای گەورە دیاری کردووە بۆ ماڵئاوایی کردنی یەکجاری لەم دونیایە، جا مرۆڤی ژیر وهۆشمەند ئەو مرۆڤەیە تاکە سەرمایەکەی کە بریتیە لە ساتەکانی ژیانی بکاتە زەخیرە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە و بەدەست هێنانی خۆشگوزەرانی هەتا هەتایی .. ئایا کەسێك هەیە لە ئێمە پەند وئامۆژگاری لەم ووتانە وەربگرێت ؟!

دوای بیر کردنەوە وە تێڕامان لەم بابەتە گرنگەی باسمان کرد، بە ژیریەك کە هەست بە گرنگی بابەتەکان بکات، وە بە دڵێکی ڕاستگۆ وپاکەوە کە ڕاستیەکان وەك خۆیان ببینێت، کاتی ئەوە هاتووە کە بڕیار بدەیت کە خوای گەورە تاك و تەنهایە و هیچ شەریك وهاوەڵ و کوڕ ونەوەیەکی نیە، وە باوەڕی پێ بهێنیت و بەڕاست و دروستی و بەتاك و تەنهایی هەر ئەویش بپەرستیت، وە باوەڕیشت بەوە هەبێت کە موحەمەد پێغەمبەر و نێرراوی خوایە، وەك تەواوی پێغەمبەرەکانی تر، وەك نوح و ئیبراهیم و موسی و عیسی (سەلامی خوای گەورە لەهەموویان بێت).

جا ئەگەر بڕیارتدا ئەم شا ڕێگایە بگریتە بەر، ئەوا دەتوانیت لەڕێگای هاوڕێکەتەوە یان دراوسێیەکی موسڵمانت، یان نزیکترین مزگەوت لێتەوە، یان لەڕێگای ناوەندێکی ئیسلامیەوە، داوای یارمەتیان لێ بکەیت و ڕێنومایت بکەن، یان ئەوەتانێ شەرەفمەند دەبم بەوەی کە پەیوەندیم پێوە بکەیت، یان نامەم بۆ بنێریت ..

﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ وَاتَّبِعُوا

أَحْسَنَ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴾ [سورة الزخرف : 53-55 ] .

واتا : ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لەهەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە * هەوڵ بدەن هەمیشە و بەردەوام دڵتان لای خوابێت و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەوبن، پێش ئەوەی کە سزای خوا یەخەتان بگرێت لەوەودواش سەرکەتوو نابن کەس نابێت بەرگریتان لێ بکات.

## لێرەدا شتێکی تر هەیە ...

## دوا ووشە :

**دوای خوێندنەوەی ئەم پەیامە**
**بەخوێندنەوەیەکی وورد وتێگەیشتوانە پێدەچێت**
**کەسانێکی ڕاستگۆ و جیدی بپرسن :**
**ئایا هەقیقەت کامەیە ؟**

ئەم پرسیارانە وکۆمەڵێك پرسیاری تریش لە پەرتووکی داهاتوومانداندا بەیارمەتی خوای گەورە ڕوون دەکەینەوە .

پێشوازی لە هەر چاك کردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەك دەکەین ..

وصلی واللە وسلم علی سیدنا محمد وعلی الە وصحبە وسلم .

## پێڕستی بابەتەکان


| م | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | چەند پرسیارێك پێش خوێندنەوە ؟ | 1 |
| 2 | ناوەڕۆکی بابەتەکە | 1 |
| 3 | یەکخواپەرستی لە کتێبی پیرۆز ( بەڵێنامەی کۆن = العهد القديم ) مەبەست پێی تەوراتە | 8 |
| 4 | یەکخواپەرستی لە کتێبی پیرۆز ( بەڵێنامەی نوێ = العهد الجديد ) مەبەست پێی ئینجیلە | 9 |
| 5 | یەکخواپەرستی لە قورئانی پیرۆزدا | 10 |
| 6 | کۆتایی | 11 |
| 7 | دوا ووشە | 15 |
| | | |

Are You Curious :

If you are curious and interested in discovering more :information about Islam, please visit our website

www.discoveritsbeauty.com

:Feel free to e-mail your questions or feedback to

info@discoveritsbeauty.com